# شایان

گرنگتر دەزانی و بەئاگاتر دەبی

کۆلێژی یاسا

TISHK INTERNATIONAL UNIVERSITY — TIU — ERBIL 2008

پێنجشەممە Thursday 2019/4/25 - ژمارە (12) Issue

دیوارنامەیەکی گشتییە مانگی جارێك لە کۆلێژی یاسای زانکۆی نێودەوڵەتیی تیشك دەردەچێت


# کۆلێژی یاسای زانکۆی نێودەوڵەتیی تیشك

## چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی خۆی ساز دەدات و یادی ١٢١مین ساڵوەگەڕی رۆژنامەگەریی کوردییش دەکاتەوە

پەیامنێری (شایان)

وا بڕیارە رۆژی ٢٠١٩\٤\٣٠ کۆلێژی یاسای زانکۆی نێودەوڵەتیی تیشک، بە ئامادەبوونی چەندین کەسایەتیی ئەکادیمیی کوردستانی و عێراقی و بیانی، چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی خۆی ببەستێ.


بە قسەی یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنفرانسەکە، کۆی ئەو توێژینەوانەی کە بۆ ئەم کۆنفرانسە پێشکەش کراون لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە ١٢٠ توێژینەوەیە و لەم توێژینەوانە ٧٠یان پەسەند کراون و ٥٠یان رەت کراونەتەوە.

هەمان سەرچاوە روونی کردەوە، توێژینەوەکان لە لایەن چەند لیژنەیەکی پسپۆڕ لە بوارگەلی توێژینەوەکاندا هەڵسەنگاندنی زانستییان بۆ کراوە و بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی) ئامادە کراون.

لە لایەکی ترەوە، بە بۆنەی ١٢١ەمین ساڵوەگەڕی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) لە قاهیرەی پایتەختی میسر، ئەمڕۆ پێنجشەممە ٤\٢٥ کۆلێژی یاسای زانکۆی نێودەوڵەتیی تیشک، لە رێورەسمێکی تایبەتدا بەئامادەبوونی بەرپرسانی باڵای زانکۆ و راگران و مامۆستایان و قوتابییان، رێز لە سەرنووسەر و ستاف و بەشدارانی دیوارنامەی (شایان) دەگرێت.

لەو رێورەسمەدا کە وا بڕیارە بڕوانامەی رێزلێنان پێشکەش بە بەشداران و هاوکارانی دیوارنامەی (شایان) بکرێت، پرۆژەی (شایان) لەلایەن رۆژنامەوانێکەوە هەڵدەسەنگێنرێت و چەند وتە و پەیڤێکیش دێنە پێشکەشکردن، وێڕای برگەی برینی کێکی (شایان) و شیرینیی جەژنی رۆژنامەگەریی کوردی.

## سەروتار



### خەمێك لە ئایندەی منداڵانی شەقام

هیرۆ ئیسماعیل عارف

مەبەست لە (منداڵانی شەقام) ئەو منداڵانەن کە لە دەستی خێزانەکانیان هەڵاتوون، یان ئەوانەی لەلایەن خێزانەکانیانەوە بەکار دەهێنرێن بۆ سواڵ و درۆزەکردن، یاخود بۆ کارکردن. بوونی ئەم منداڵانە وەک دیاردەیەک لە هەرێمی کوردستان دوای لیشاوی هاتنی پەنابەران، لەم ساڵانەی دواییدا بەداخەوە زیاتر بوو.

ئەم دیاردەیە (منداڵانی شەقام) لەلای هەندێک کەس بۆتە پیشە و لای هەندێکیش بۆ دەستەبەرکردنی بژێویی رۆژانەی ژیانە، ئەمەش وای کردووە خەڵک بەگشتی لە تەشەنەکردنی بێزار بن و لەلایەکی تریشەوە ڕاڕا بن لە هاوکاریکردنی ئەو کەسانە، چونکە نازانرێت کامیان هەژار و دەستکورتە و شایەنی کۆمەکە، کامیشیان کردوویەتی بە پیشە و خوو، بۆیە دۆخەکە چارەسەر دەخوازێت.

پێش ئەوەی باسێک لەو ئاوڕە بکەم کە پێویستە لەو منداڵانەی شەقام بدرێتەوە، با ئاوڕێک لە یاساکانی هەرێمی کوردستان بدەینەوە.

لە ماددەی دووەمی برگەی هەفتەمی یاسای ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستاندا باس لە ئەرکەکانی وەزارەت دەکات تیایدا هاتووە: «شیاندنی منداڵ و خاوەن پێویستییە تایبەتەکان لە ڕووی پەروەردەیی و پیشەیی و کۆمەڵایەتیەوە بە جۆرێکی وا کە بەشداری پێکردنیان لە پرۆسەی گەشەسەندن و ئاوەدانکردنەوە و نەهێشتنی کاریگەریی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی دابین بکات کە ڕێ لەو بەشداربوونەیان بگرن».

هەروەها لە برگەی یەکەمی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١ی بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستاندا هاتووە: «هەر کەسێک پەیوەستیی هەبێ بە پەیوەندییەکی خێزانی و ئەنجامدانی توندوتیژی لە چوارچێوەی خێزاندا لێی قەدەغە دەکرێ لەوانەش توندوتیژیی جەستەیی و جنسی و دەروونی». لەم ماددەیەدا ئاماژە بە ١٣ خاڵ کراوە و لە خاڵی نۆیەمدا باس لە ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و سواڵکردن و جێهێشتنی خوێندن دەکات، واتا بەپێی خاڵی نۆیەم، هەر خێزانێک منداڵی خۆی ناچار بکات بۆ ئەو کارانەی ئاماژەم پێ دان، ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە.

سەبارەت بە سزای ئەو کەسانەی کە توندوتیژیی خێزانی ئەنجام دەدەن لە هەمان یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستاندا لە مادەی هەفتەمدا هاتووە: «هەرکەسێک توندوتیژییەکی خێزانی ئەنجام بدات بۆ ماوەیەک سزای بەندکردن دەیگرێتەوە کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە سێ سالیش زیاتر نەبێ و بە غەرامەیەک کە لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێ یان بە یەکێک لەو دوو سزایە».

دەکرێت بڵێین بۆ ئەم کێشانە یاخود ئەو دیاردەیەی باسی دەکەم، یاسای گونجاو هەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا تا چەند کار بەم یاسایانە کراوە بەتایبەتی بۆ منداڵان و بەتایبەتتریش بۆ نەهێشتنی دیارەی منداڵانی شەقام؟

لەم رۆژانەدا بە ئۆتۆمبێل بە ڕێگاوە بووم بۆ ماڵەوە، لە پێشی منەوە ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس دەڕۆیشت، چەند منداڵێکی شەقام لەو ناوە بوون، هەر کە ئۆتۆمبێلی پۆلیسیان بینی هەوڵیان دا خۆیان بشارنەوە، کەواتە ترسێکیان هەبوو لەوەی بگیرێن، ئەم دیمەنە ئەوە نیشان دەدات کە پێشتر ڕێکاری لەو جۆرە گیراونەتە بەر بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەو کەسانە کە دەگیرێن چ گەورە بن یان منداڵ، پاش ماوەیەک ئازاد دەکرێن، ئەوەی راستی بێت چۆنێتیی گرتنیان بەو شێوەیە و ئازادکردنیان زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەری نییە، بەڵام بە پێویستی دەزانم پێشنیارێک پێشکەش بکەم بۆ رزگارکردنی ئەو منداڵانە لەو رەوشە ناخۆشەی لەسەر شەقامەکان دەیبەنە سەر کە هەموومان دەزانین رۆژانە ڕووبەڕووی چەندین جۆر توندوتیژی دەبنەوە هەر لە جنێو پێدان و سووکایەتی پێکردنەوە تا جاری وایە دەگاتە دەستدرێژیی سێکسییش، ئەوە جگە لەوەی لەناو خێزانەکانیشیان بە هەمان شێوە ئەگەر پارەیەکی باش نەبەنەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە- ئەمەم لە زاری زۆر لەو منداڵانەوە بیستووە. بۆیە بە ڕای من پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەرکی خۆی یاخود بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆییەکان شوێنی تایبەتی داڵدەدانی منداڵانی شەقام بکاتەوە، واتا شوێنێک بێت بۆ کۆکردنەوەی منداڵانی شەقام و دابینکردنی هەموو پێداویستییەک بۆ ئەو منداڵانە چ لە ڕووی خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگیان و چ لە ڕووی پەروەردە و فێرکردن و سایکۆلۆجیی ئەو منداڵانە و نە گەڕاندنەوەیان بۆ خێزانەکانیان کە پێویستە ئەمەش بە یاسا لەناو پەرلەمانی کوردستاندا ڕێک بخرێت. ئەزانم خانەی نەوجەوانان و بیسەرپەرشتان هەیە، بەڵام من باسی پرۆژەیەکی تایبەت بە (منداڵانی شەقام) دەکەم.

ئەمەوێ ئاماژەیەکیش بەوە بدەم کە کاتێک دەڵێم منداڵەکان بە هیچ جۆرێک بۆ خێزانەکانیان نەگەڕێنرێنەوە، ئەم بڕیارە قورسە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێنمەوە کە بە شێوەی پرسیار دەیاننووسم:

- ئایا ئەگەر ئەو دایک و باوکانە لە خەمی منداڵەکانیاندا بن، شەوانەڕۆژ دەیاننێرنە شەقام بۆ کارکردن یان سواڵکردن؟
- ئایا بەردەوامبوونی ئەو منداڵانە لەسەر ئەو شێوەی ژیانە زیان بە ئایندەی خۆیان و کۆمەڵگەش ناگەیەنێ؟

وەڵامی پرسیاری یەکەم ئاشکرایە، بەڵام بۆ پرسیاری دووەم دەڵێم، ئەو منداڵانە ئەگەر بەردەوام بن لە کارکردن یان سواڵکردن، بێگومان بەردەوام ڕووبەڕووی جۆرەها توندوتیژی دەبنەوە لەلایەن خەڵکانی ترەوە، ئەو توندوتیژییە کە بەشێکی لەئەستۆی خێزانەکانیشانە، کاریگەریی زۆر خراپ دەخاتە سەر دەروونیان، لەلایەکی تریشەوە لە خوێندن و پەروەردە و فێرکردن دوور دەکەونەوە، ئاخۆ لە ئاوها رەوشێکدا ئایندەی ئەو منداڵانە چۆن دەبێ و چییان لێ دەردەچێ؟ کێ بەرپرسیارێتیی تێکچوونی باری دەروونیی ئەو منداڵانە دەگرێتە ئەستۆ؟

پێویستە پەرلەمانی کوردستان بە زووترین کات یاسایەک دابڕێژێت بۆ داڵدەدانی ئەو منداڵانە و ڕێگری لە گەڕاندنەوەیان بۆ ناو خێزانەکانیان و دابینکردنی کەشێکی تەندروست بۆیان، بۆ ئەوەی ئایندەی ئەو منداڵانە لە رەشەوە ببێتە گەش. بە جێبەجێکردنی ورد و دروستی یاساکەش، جێدەستی دەزگاکانی جێبەجێکردنی حکوومەتیش دەبێتە نەخشێکی جوان لە ژیانی هەر یەکێک لەو منداڵانەدا.

## لە فێستیڤاڵی بەهارەی زانکۆی تیشکدا هەموو ژمارەکانی (شایان) نمایش کران



پەیامنێری (شایان)

وەک نەریتی ساڵانەی زانکۆی تیشک، لە چوارچێوەی چالاکییە کولتووری و زانستییەکانیدا بۆ وەرزی بەهاری ئەمساڵ، کاتژمێر ١٠:٣٠ی بەیانیی رۆژی ٢٤ی نیسان، لە گۆڕەپانی زانکۆی تیشک فێستیڤاڵی بەهارە بۆ زمان و کولتوور و زانست بەڕێوە چوو. چالاکییەکانی فێستیڤاڵەکە بریتی بوون لە نمایشکردنی دادگای گریمانەیی کە لە لایەن مامۆستایان و قوتابیانی کۆلێژی یاساوە رێک خرابوو، هەروەها پرۆژەی زانستی و رۆشنبیری و کەلەپووری و هونەریی قوتابییانی دیکەی زانکۆی تیشک، وێڕای خستنەڕووی نەریت و فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوە و گەلان و وڵاتانی دونیا، کە تیایدا کەلەپووری پتر لە بیست وڵات و گەل و نەتەوەی جیاوازی تیدا نمایش کرا.

یەکێک لە دیارترین و جیاوازترین چالاکیی ئەو فێستیڤاڵە، پێشانگایەکی نمایشکردنی هەموو ژمارەکانی دیوارنامەی (شایان) بوو، ئامادبووان و میوانان لەو پێشانگایەدا کە دەوارێکی تایبەتی بۆ تەرخان کرابوو، سەرجەم ئەرشیفی ژمارەکانی دیوارنامەی (شایان) و بابەتەکانی چەند ساڵی رابردوویان بینیەوە.

## دیبەیت و وۆرکشۆپ

- رۆژی ٨/٣/٢٠١٩ بە بۆنەی رۆژی جیهانیی ئافرەتانەوە، دیبەیتێک لەژێر ناونیشانی (حرية المراة بين الانفتاح والتقاليد في المجتمع) ئەنجام درا.

- رۆژی یەکشەممە ١٤/٤/٢٠١٩ بەشی یاسا وۆرکشۆپێکی بە ئامادەبوونی دوو مامۆستای بیانی ئەنجام دا.

وۆرکشۆپی یەکەم لە لایەن پرۆفیسۆر د. رۆبێرت وێنتیمۆت کە مامۆستایە لە زانکۆیەکی بەریتانیا پێشکەش کرا، لەژێر ناونیشانی (برێکزێت) کە پەیوەندیدار بوو بە جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا.

وۆرکشۆپی دووەم کە لەژێر ناونیشانی (دەستووری ئێران) بوو، لە لایان د. هادی ساڵح کە مامۆستایە لە زانکۆیەکی تاران پێشکەش کرا.

## چالاکییەکانی کۆلێژی یاسا

- لە درێژەی کاروچالاکییەکانی بەشی یاسا و بۆ زیاتر پەرەپێدانی ئاستی زانستیی قوتابیان، راگرایەتی کۆلێژی یاسا (پێشبڕکێی ئەستێرەکان)ی لەنێوان قوتابیانی قۆناغە جیاوازەکانی بەشی یاسا لە رۆژی ٧/٢/٢٠١٩ەوە دەست پێ کرد کە تییدا چەند گرووپێک لە قوتابیان کێبەرکێ دەکەن بۆ بردنەوەی پلەی یەکەم.
- رۆژی ١١/٢/٢٠١٩ لە رێورەسمێکدا بە ئامادەبوونی سەرۆکی زانکۆ و راگرانی کۆلێژەکان و مامۆستایان و قوتابیان، شایانێک (تەرازوویەک) وەکوو هێمای دادوەری لە کۆلێژی یاسا داندرا.
- رۆژی ١٦/٢/٢٠١٩ چەند مامۆستایەکی بەشی یاسا لەگەڵ کۆمەڵێک لە فەرمانبەران و مامۆستایانی زانکۆ، سەردانی کەمپی ئاوارەکانیان کرد لە دیبەگە و هاوکاریان گەیاندە ئاوارەکانی کەمپەکە.
- رۆژی پێنجشەممە ٢١/٢/٢٠١٩ قوتابیانی قۆناغی یەکەم بە سەرپەرشتیی راگرایەتیی کۆلێژی یاسا، سەردانی خانەی چاودێریی کۆمەڵایەتیان کرد لە شاری هەولێر و کۆمەڵێک دیاری و هاوکارییان بەسەر منداڵانی بێسەرپەرشتدا دابەش کرد.

# جانتای دبلۆماسی



د. عەدنان عەبدوڵا ڕەشید
ڕاگری کۆلێژی یاسا

جانتای دبلۆماسی، دەربڕینێکی مەجازییە بۆ ئاماژەپێکردن بەو پاکەت، یان ئەو دەفرە مەزنە، یان هەر سندوقێک کەوا باڵوێزخانە، یان هەر نوێنەرایەتییەکی دەوڵەت لە دەرەوەی وڵات، لە ڕێگەیەوە نووسراو و دۆکۆمێنتەکانی خۆی بۆ وەزارەتی دەرەوە ڕەوانە دەکات و بەپێچەوانەشەوە.

واتە بە شێوەیەکی پوختتر دەتوانین بڵێین، مەبەست لە جانتای دبلۆماسی، لەنێو ئەدەبیاتی دبلۆماسیەتدا، پۆستەی دبلۆماسییە و تا بناسرێتەوە، پێویستە نیشانەیەکی پێوە بلکێندرێت کە ئەمە جانتای دبلۆماسییە.

بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، نابێت جانتای دبلۆماسی بکرێتەوە، یان دەستی بەسەردا بگیرێت، کاتێک تێپەڕ دەبێت لە سنووری نێوان وڵاتان، جا چ لە فڕۆکەخانەکان بێ، یان لە ڕێگەی وشکانی، یان لە ڕێگەی دەریایی و ئاویدا بێت، ئەگەر هاتوو ئەمە ڕووی دا، ئەوا دوور نییە قەیرانی دبلۆماسیی لێ بکەوێتەوە و ببێتە هۆی پچڕانی پەیوەندیی نێوان هەردوو دەوڵەت.

بەڵام ئەگەر پیاوانی ئاسایشی فڕۆکەخانە، گومانیان دەربارەی ناوەڕۆکی جانتاکە هەبوو، کەوا شتی قەدەغەکراو و نایاسایی تێدایە، ئەوا دەکرێت داوای پشکنینی بکەن، بە ئامادەبوونی کەسێکی ڕێگەپێدراو لەلایەن باڵوێزخانەکەوە و بە ڕەزامەندیی ڕاشکاوانەی باڵوێزخانە دەست دەکەن بە کردنەوەی جانتاکە، جا ئەگەر گومانەکەیان ڕاست دەرچوو، ئەوا دەست بەسەر شتە نایاساییەکاندا دەگرن، ئەگەریش وا نەبوو، ئەوا پێویستە وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بە فەرمی داوای لێبوردن لە باڵوێزخانەکە بکات، بەڵام ئەگەر لە بنەڕەتدا باڵوێزخانەکە ڕازی نەبوو پشکنین بۆ جانتاکە بکرێت، ئەوا ئاسایشی فڕۆکەخانە مافی کردنەوەی جانتاکەیان نییە، بەس دەتوانن ڕێگر بن لە تێپەڕبوونی و دەسەڵاتی گەڕاندنەوەیان هەیە بۆ ئەو شوێنەی لێ دەرچووە.

ئەو کەسەی جانتاکەش دەگوازێتەوە، پێی دەگوترێت پەیامبەری دبلۆماسی، یان هەڵگری جانتای دبلۆماسی. ئەرکی ئەو کەسە دڵنیابوونە لە گەیشتنی جانتاکە بۆ شوێنی مەبەست بە سەلامەتی. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەڵگری نووسراوێکی فەرمیی وڵاتی جانتاکە بێت، کەوا کەسێکە ڕێگەپێدراوە بە پاراستنی جانتاکە و زانیاریی دەربارەی قەبارە و شێوەی جانتاکە هەبێ.

وەکو پرەنسیپ دەبێت هەڵگری جانتاکە هاووڵاتیی ئەو وڵاتە بێت، کە خاوەنی جانتاکەیە، بەڵام ئەمە هەمیشە مەرج نییە وابێت، چونکە دەکرێت ئەم ئەرکە بە کەسانی بێگانەش بسپێردرێت. هەروەها دەکرێت کاپتنی فڕۆکە یان کاپتنی کەشتی، ئەم کارە ئەنجام بدات. لە هەموو حاڵەتەکاندا، هەڵگری جانتای دبلۆماسی پارێزبەندیی هەیە و دەبێ هەموو ئاسانکارییەکی بۆ بکرێت، تا بتوانێت ئامانجەکەی خۆی بێنێتە دی.



بەڵام، لە خوێندنەوەی مێژووی جانتای دبلۆماسیدا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کەوا زۆر جاران پارێزبەندیی جانتاکە بۆ مەبەستی نایاسایی بەکار هاتووە، وەکوو ئەوەی تلیاک و مادەی هۆشبەری پێ گواسترابێتەوە، یان بۆ بە قاچاغبردنی شوێنەوارە دێرینەکان.. هتد.

لەگەڵ ئەو بەرەوپێشچوونە تەکنەلۆژیایەی ئەم سەردەمەمان، لە پشتبەستنی وڵاتان بۆ بەستنی پەیوەندیی نێوان وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ نوێنەرایەتییەکانی لە وڵاتانی ترەوە بە ئامرازەکانی ئیمێل و مۆبایل و ئامێری زیرەک، کەچی هێشتا جانتای دبلۆماسی، وەکوو ئامرازێکی کلاسیکیی پارێزراو و جێی متمانە بۆ ئالوگۆڕی نهێنییە دبلۆماسییەکان، گرنگیی خۆی لەدەست نەداوە، چونکە هاککردنی ئامرازە ئەلکترۆنییەکان پێشبینیکراوە، وەکوو نموونەی ئاشکراکردنی ئالوگۆڕییە دبلۆماسییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دواتر بڵاوکردنەوەیان لە پێگەی بەناوبانگی ویکلیکس.

هەروەها هەندێ لە توێژەرانی بواری دبلۆماسی پێیان وایە، جانتای دبلۆماسی ئەو پیرۆزییەی پێشووتری لەدەست داوە، چونکە دەڵێن، ئەگەرچی لە فڕۆکەخانەکان و لەسەر سنوورەکان جانتای دبلۆماسی ناکرێتەوە، بەڵام ئامێری سکانەر دەتوانێت پشکنین بۆ جانتاکە بکات، بەبێ ئەوەی بکرێتەوە، بەڵام ئێمە پێمان وایە، ئەم کارە لە پارێزبەندیی جانتای دبلۆماسی کەم ناکاتەوە، چونکە ئامێری سکانەر تەنیا دەتوانێت ناوەڕۆکی جانتاکە شی بکاتەوە، ئایا کاغەزە یان کانزایە، یان هەر شتێکی ترە، بەڵام ناتوانێت نهێنیی نێو نووسراوەکان ئاشکرا بکات، بۆیە جانتای دبلۆماسی، تا ئێستاش پێگە و ناسناوی خۆی لەدەست نەداوە.

# هاوسەرگیریی هەڵگری ڤایرۆسی ئایدز
## لەنێوان شەریعەت و یاسادا




ئاکۆ سەباح مەولود
سەرۆکی بەشی یاسا

ئایدز یان (ADIS) کە کورتکراوەی (Acquired immune deficiency syndrome) واتە کەمتەرخەمبوونی سیستەمی بەرگریی لەش کە یەکێکە لە نەخۆشیە مەترسیدارەکان لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی، لەو نەخۆشییەدا سیستەمی بەرگریی لەش کەمتەرخەم یان نوقستان دەبێت و هۆکاری نەخۆشیەکەش «ڤایرۆسی کەمتەرخەمبوونی بەرگریی لەشە» کە لەساڵی ١٩٨١ بۆ یەکەمین جار لە ئەمریکا دۆزرایەوە و ژمارەی توشبووانی لەنێوان ساڵانی ٢٠١٢ تا ٢٠١٦ دەگاتە ٣٥,٥ ملیون کەس. هەروەها بەپێی ئامارەکان لە ساڵی ٢٠٠٥دا (٢,٢) ملیۆن کەس و لە ساڵی ٢٠١٠دا (١,٨) ملیۆن کەس بەهۆی ئەم ڤایرۆسەوە گیانیان لەدەست داوە. بێ گومان لەگەڵ دروستبوونی ئەم نەخۆشییەدا چەندین کۆسپ دەکەوێتە پێش ئەو توشبووانەی کە بە نیازی هاوسەرگیرین، چونکە یەکێک لە سیفەتەکانی ئەم نەخۆشییە ئەوەیە کە لەریگەی جووتبوونەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زانایانی یاسا و شەریعەت بێ دەنگ نەبوون لە ورووژاندنی ئەو بابەتە، لە پێوەند بە هاوسەرگیری لەنێوان کەسێکی ئاسایی و کەسێکی هەڵگری ئەم ڤایرۆسە، یان لەنێوان دوو کەسی تووشبوو بەم ڤایرۆسە. ئەگەر لە دیدی زانایانی فیقهیەوە دەست پێ بکەین، لە کاتێکدا ئەگەر کەسێکی ئاسایی ڕەزامەندیی دەربڕی کە لەگەڵ یەکێکی تووشبوو بەو نەخۆشییە هاوسەرگیری بکات، ئەوا دەبێ لەلایەن کەسانی زانا و پسپۆڕ لەم بوارە ئاگادار بکرێتەوە لە وردەکاریی مەترسییەکانی ئەو هاوسەرگیریە، خۆ ئەگەر ئەو کەسە هەر ئەگەر پێداگریی کرد لەسەر ئەم بابەتە، ئەتوانرێ بە بیانووی ناتەواویی باری دەروونییەوە، لەلایەن دادوەرەوە ریگریی لەو هاوسەرگیرییە لێ بکرێت، چونکە ڕێگەدان بە لە ناوبردنی خود لەسەر بیروڕای زۆربەی زانایان دروست نییە، هەروەها ئیمامی حەنەفی پێی وایە کە ڕێگەدان بە کوشتنی خود دروست نییە، بۆیە لەم حاڵەتدا بە کوشتنی ئەنقەست هەژمار دەکرێت لە لایەن کەسی هەڵگری ئەم ڤایرۆسەوە، بە هەمان شێوە مالیکیەکان هەمان ڕایان هەیە، هەرچی ئیمامی شافیعییە پێی وایە کەسی یەکەم کە تووشبووی ئەم ڤایرۆسەیە تەنیا بە بەندکردن سزا دەدرێت و تاوانبار ئەبێت، بەشێکی تریش لە شافیعییەکان پێیان وایە کە خوێنی ئەو کەسەی ئەکەوێتە سەر. بەڵام حەنبەلییەکان پێیان وایە کە تاوان لێکراو ئەتوانێ لە تاوانبار خۆش بێت، چونکە ئەوە مافی خۆیەتی. بەڵام بەپێی دواییـن بیروڕای زانایان لەسەر ئەم بابەتە کە لە گۆڤاری (مەجمەعی فیقهی ئیسلامی) دا هاتووە، ئەگەر کەسێک بە ڕەزامەندیی خۆی ئامادە بوو هاوسەرگیری بکات لەگەڵ کەسێکی توشبوو بەو نەخۆشییە، ئەوا هیچ ڕێگرییەک نییە لەبەردەم ئەم هاوسەرگیرییەدا بە مەرجێک نابێت منداڵ دروست بکەن.

هەروەها ئەگەر لە ڕووی یاساییەوە بڕوانینە ئەم بابەتە، ئەوا هیچ دەقێکی یاساییمان نییە کە ئاماژە بەو بابەتە بکات، بەڵام ناوەندی نیشتمانی بۆ ئایدز کە ناوەندێکە لە عێراق تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەسەر نەخۆشیی ئایدز، ئاماژە بەوە دەکات دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لە لایەن شارەزایانی یاسا و شەرعی و پزیشکیدا، گەیشتین بەوەی کە هیچ هۆکارێک نییە ببێتە بەربەست لەبەردەم ئەو هاوسەرگیرییە، چونکە گواستنەوەی ئەم ڤایرۆسە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ١٠٠٪ نییە بەڵکوو ڕێژەییە. بەمەرجێک ئەندامی زاوزێی هیچ کامێکیان تووشی بریندار‌بوون نەبوەبێت، چونکە لەم حاڵەتەدا ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ گواستنەوەی ئەم ڤایرۆسە، هەروەها لە سیستەمی کۆنی عێراق کەسانی تووشبوو بەم نەخۆشییە چاودێری دەکران لە لایەن دەزگای ئاسایشەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ ئەم بەربەستە لەسەر تووشبوان هەڵگیرا، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەم توشبووانە زیاتر زانستیانە دەکرێت، هەروەها بەشێکیان لەسەر کار و پیشەکانی خۆیان بەردەوامن و خاوەنی هاوسەر و منداڵن کە خاڵین لەم ڤایرۆسە، کە ئەمە وا دەکات زیاتر لایەنی دەروونیی ئەو کەسانە ئاسوودە بکات و بە شێوازێکی ئاسایی درێژە بە ژیانیان بدەن.

# کورتەیەك لەسەر جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ



عەبدوڵا شاخەوان
توێژەری یاریدەدەر

جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، بەڵگەنامەیەکی مافی نێودەوڵەتیە ڕەنگدانەوای ئەو جاڕنامەیەیە کە نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٠ دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٨ لە کۆشکی شایو لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لەئەستۆی گرت. ئەم جاڕنامەیە باس لە بیروڕای نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات هەمبەر بە مافەکانی مرۆڤ کەوا شتێکی پیرۆز و پارێزراو بێت لای هەمووان، ئەم جاڕنامەیە لە ٣٠ مادە پێکدیت و لە کاتی ڕاگەیاندنیدا پێگەیەکی گرنگ و هەستیاری لە یاسای نێودەوڵەتیدا جێگیر کرد. لە تەک ئەم جاڕنامەیە، دوو بەڵێنامەی نێودەوڵەتیی تر هەبوون ئەوانیش بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافەکانی شارستانی و سیاسی لە ساڵی ١٩٦٦ و بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە ساڵی ١٩٦٦.

ئەم سێ بەڵگەنامە نێودەوڵەتییە، هەرسێکیان پێکەوە پێیان دەڵێن (لائحة الحقوق الدولية) و لە ساڵی ١٩٧٦ دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان هەردوو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکەیان پەسەند کرد، ئەم بەڵگەنامانە هێزی یاسای نێودەوڵەتییان وەرگرت.

پێوەند بە مێژووی ئەم جاڕنامەیە، دەبینین دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم، کارە قێزەونەکانی سوپای نازی بەتەواوی ئاشکرا بوون، ئەمەش وای کرد لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا جۆرە بیروبۆچوونێک پەیدا ببێت کە پێیان وابوو بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان نەیتوانەوە بە شێوەیەکی زۆر باش و ڕازیکەرانە پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ بکات و دەستەبەریان بکات. بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەکی ١٨ کەسی پێکهات کە نوێنەرایەتیی سیاسەت و ڕۆشەنبیری و ئایینی جیاوازی دەکرد، ئەم لێژنەیە بە نووسینەوەی ڕەشنووسی جاڕنامەکە ڕاسپێردرا و بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٤٧ کۆبوونەوە. ئەوە بوو دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لە ١٠ دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٨ لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان و بە دەنگی ٤٨ وڵاتی ئەندام، جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ پەسەند کرا بەبێ ئەوەی هیچ دەوڵەتێکی ئەندام دژی بێت جگە لەو ٨ دەوڵەتەی کە دەنگیان بە جاڕنامەکە نەدا واتا بێدەنگییان هەڵبژارد، یەکێکیش لەو وڵاتانە شانشینی عە رە بی سعوودیە بوو. لێرەدا چەند پرسیارێک دێنە ئاراوە: ئایا ئەو جاڕنامەیە کە لە ساڵی ١٩٤٨دا دەرچووە بەتەواوی کاری خۆی کردووە؟

ئایا ئەم جارنامەیە بۆ بارودۆخی ئێستای جیهان گونجاوە؟ ئایا پێویست ناکات جۆرێک لە هەموارکردنەوە بۆ ئەم جاڕنامەیە بکرێت؟

ئایا ئەم جاڕنامەیە توانویەتی ڕێژەی هەژاری لە جیهاندا کەم بکاتەوە؟

ئایا نەتەوەیەکگرتووەکان بەجدی کاری کردووە بۆ جێبەجێکردنی مادەکانی ئەم جاڕنامەیە؟

ئەم پرسیارانە و سەدان پرسیاری تر کەوا دەبێ وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری یاسای نێودەوڵەتیدا بەدواداچوونی بۆ بکەن.

# الحماية الجزائية للمؤسسات الصحية في القانون العراقي



د. عماد فتاح اسماعيل
مدرس القانون الجنائي

يسعى المشرع في غالبية الدول الى تشريع وتسنين قوانين بهدف حماية المصالح الاقتصادية والإجتماعية والسياسية للدولة، ولما كان العمل الطبي من الخدمات الأساسية التي لابد من وجودها في كل المجتمعات، وحمايتها تهدف الى التطور من هذا المجال حيث يؤدي بدوره الى ازدياد في المستشفيات والكوادر الطبية التي تخدم الأفراد بكل أطيافه. حيث هذه الحماية الجنائية تختلف من دولة لإخرى، أن المشرع العراقي قد وضع قانونا لحماية الأطباء سواء أكانوا في المستشفيات العامة أم الخاصة، مع أنه لم يضفي هذه الحماية على فئة معينة من الذين يعملون في المستشفيات الخاصة. بعض من الدول لم تضفي هذه الحماية للمستشفيات والكوادر الطبية بنص صريح في قوانينها بل اكتفت فقط بالقواعد العامة في قانون العقوبات، مع أن المستشفيات تعتبر من الحاجات والمرافق الأساسية التي لا يستطيع اية مجتمع التخلي عنها، بذلك حمايتها تعتبر من الضروريات لكي تتمكن هذه المؤسسات من العمل وتقديم خدماتها بشكل افضل في ظل قانون يحميها و يمنحها الحقوق اللازمة لها.

لاشك أن المشرع العراقي قد اخذ بالتقسيم الثلاثي حيث قسم العقوبة الى ثلاثة أنواع وهي عقوبات الجنايات و الجنح والمخالفات. نرى ان العقوبات المقررة حماية للخدمات الطبية بشكل عام ومن ضمنهم الأطباء والمستشفيات العامة منها والخاصة لا تحقق الهدف المرجو منه، حيث أن المشرع العراقي لم يقرر العقوبة الجنائية بنص صريح حماية للمستشفيات، وإنما بهذا نرجع الى القواعد العامة في قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩، وبما أن قانون العقوبات هذا قد وضع في زمن متأثر بالفلسفة الاشتراكية، لذلك نرى أنه لم يضفي الحماية الجنائية للمؤسسات الخاصة التي تقدم منافع عامة من ضمنها المؤسسات الصحية الخاصة بشكل المطلوب لتحقيق الردع العام. وقد أقر بشكل عام في المادة (٣٥٣) من قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ لسنة ١٩٦١ على أنه» ٢. ويعاقب بالسجن مدة لا تزيد على سبع سنوات او الحبس كل من هدم او خرب او اتلف او اضر المنشآت الصحية الثابتة او الوحدات الصحية المتنقلة او المواد او الادوات الموجودة فيها او عطل شيئا منها او جعلها غير صالحة للاستعمال». يتبين من هذا النص أن المشرع العراقي قد فرض عقوبة الجناية أو الجنحة على ارتكاب جريمة من هذه الجرائم المنصوص عليها في المادة المذكورة، حيث إن هذه العقوبة لربما لا تتناسب مع مقدار الضرر الذي يحدث بالمنشأت الصحية وبالأخص في عصرنا هذا حيث قد يقدر بعض الأجهزة والابنية بملايين دولارات، وفي حالة اضرار بها، يكتفي المشرع فقط بفرض عقوبة السجن لمدة لا تزيد على سبع سنوات أو الحبس. ومن جهة ثانية أن المادة (٤٧٧) نصت على أنه «مع عدم الاخلال باية عقوبة اشد ينص عليها القانون: ١. يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على سنتين وبغرامة لا تزيد على مائتي دينار او باحدى هاتين العقوبتين من هدم او خرب او اتلف عقارا او منقولا غير مملوك له او جعله غير صالح للاستعمال او اضر به او عطله باية كيفية كانت. ٢. وتكون العقوبة الحبس اذا نشأ عن الجريمة تعطيل مرفق عام او عمل من اعمال مصلحة ذات منفعة عامة او اذا ترتب عليها جعل حياة الناس او صحتهم او امنهم في خطر. ويعاقب بالعقوبة ذاتها كل من خرب او اتلف او شوه عمدا أي بناء معد لاستعمال الجمهور او نصب قائم في ساحة عامة. ٣. واذا ترتب على الجريمة موت انسان فتكون العقوبة السجن». أشار المشرع العراقي في المادة (٤٧٧) على عقوبة لا تتناسب مع حجم الضرر الذي يحدث نتيجة الاعتداء على المؤسسات الصحية. حيث نص على أن تكون العقوبة لا تزيد على سنتين مع غرامة محددة، وفي حالة توفر الظرف المشدد الا وهو تعطيل المرفق العام أو جعل حياة الناس للخطر تكون حينها العقوبة هي الحبس مع أن تلك العقوبة لا تتناسب مع الضرر الذي يؤدي لربما الى موت أو تدهور حالة الصحية لكثير من المرضى نتيجة تعطيل المرفق الصحي نتيجة فعل الذي يرتكبه المعتدي. وأضافة الى ذلك قرر المشرع العراقي عقوبة السجن في حالة موت إنسان، مع أن نحن من منتقدين هذه الفقرة التي تتوفر فيها أشد الظروف وجعل فيها المشرع عقوبة السجن، ومع أنه لم يحدد عقوبة السجن المؤبد أم المؤقت. كان اولى على المشرع أن يجعل العقوبة فيها السجن المؤبد أو المؤقت على الأقل في حالة موت إنسان ما نتيجة هذا الأعتداء.

وفي المادة (٣٤٢) من قانون العقوبات العراقي نص المشرع العراقي على عقوبة السجن لمدة لا تزيد على خمس عشرة سنة كل من ارتكب فعل أشعال حريقا عمدا على مال منقول أو عقارا مملوكا وادى بفعله ذلك الى تعرض حياة الناس أو اموالهم للخطر. وفي الفقرة الثانية جعل العقوبة بين السجن المؤبد او المؤقت اذا الفعل على مبنى عائد لدائرة رسمية او شبة رسمية أو مؤسسة عامة أو ذات نفع عام. نرى أن المشرع العراقي في هذه المادة حسنا ما فعل في تشديد العقوبة على الفاعل عندما تكون محل الجريمة ما ذكرت في المادة (٣٤٢) من القانون من دائرة رسمية أو شبه رسمية أو غيرها.

# بەرەو جیهانگیری یان لەناوبردنی زمانی کوردی؟



دیدار محەمەد فازڵ
کۆلێژی پەروەردە- بەشی زمانی ئینگلیزی- قۆناغی چوارەم

ئایا کۆمەڵگەی کوردی هۆشیارە لەم ڕۆیشتنەی بەپیر جیهانگیرییەوە؟

ڕەنگە هەموان ئاگاداری ڕەوشی ئێستای خوێندن بین لە هەرێمی کوردستان و ئاگاداری تەشەنەکردنی دیاردەی قوتابخانە تایبەتەکان بین. دەکرێ بپرسین: ئەم خواستە بەرزەی دانیشتوانی کوردستان لەسەر قوتابخانە تایبەتەکان و خوێندن بە زمانی ئینگلیزی چییە؟

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر هەندێک لە خەمەکانی ئێستای دایک و باوکان و گرفتەکانیان لەم بارەیەوە.

با سەیرێکی مێژووی خۆمان بکەین، دەبینین کورد وەک گەلێکی چەوساوە و مافخوراو هەمیشە دژی داگیرکەران و دوژمنانی لە شەڕ و شۆڕشدا بووە. کەچی بەداخەوە ئێستا ئەوەندەی جەخت لەوە دەکرێتەوە کە منداڵ لە قوتابخانەیەک تایبەتدا بڕوانامەیەک بەدەست بێنێت، نیو هێندە گوێ بە پێگەیاندنی منداڵێک نادرێ کە لەڕووی بنەماکانی نەتەوایەتییەوە پێگەیشتوو و تێگەیشتوو بێت. کورد نەتەوەیەکە زمان و کولتووریشی وەک بوونی لەبەردەم هەڕەشەی نەماندا بووە، قوربانیی زۆری داوە تا زمان و بەشێک لە فەرهەنگ و مێژووەکەی و بوونی خۆی بپارێزێت. بۆیە لە بەرەوپیرچوونی جیهانگیریدا دەبێ هۆشیار بێت، با پرسین: ئاخۆ ئەم هەنگاوە بەپەلە و بێ دیراسانەی دەینێین بەرەو جیهانگیری، دەرەنجامی نەرێنیی زیاترە یان ئەرێنی؟

لێرەوە بەپێی ئاستی تەمەن دەست دەکەین بە باسکردنی کۆمەڵگەی کوردیی تازە یا ناوبراو بە (پێشکەتوو).

منداڵانی ئێستای تەمەن ٦ مانگ بۆ ٤ ساڵان لە سەرەتاکانی ژیانیان تووشی کۆمەڵێک مەترسیی گەورە دەکرێنەوە لەلایەن بەخێوکەرانیانەوە. بۆ منداڵێک کە هێشتاکە مێشکی لە گەشەدایە خۆشترین شت لای ڕەنگە لە شاشەیەکی بچووکی ڕەنگاوڕەنگ زیاتر هیچی تر نەبێت. بۆیە دەبینین لەنێو زۆربەی خێزانەکاندا لەناو چوار دیواردا بێ ئەوەی ڕۆژانە چەند سەعاتێک بدوێنرێن لەلایەن ئەندامانی تری خێزانەوە، لە گۆشەیەکی ماڵدا بەدەم یەکێک لە ئامێرەکانی ئەندرۆی یان ئەپڵ ڕۆژ بەسەر دەبەن. هەر لە سەرەتاوە ئەگەری دابەزینی بیناییان لە ئاستێکی ئێجگار سامناکدایە و دواتر تووشی گۆشەگیری و دابڕانی کۆمەڵایەتییش دەبن. بەپێی دوا توێژینەوەی مەیدانی کە لەلایەن بێن ڕەنەر لە ویلایەتی میشیگان ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە منداڵان لەبری ئەوەی فێری سروودی نەتەوەیی بکرێن و بنچینەی خۆشویستنی وڵاتەکەی لە دڵا بچەسپێندرێت، هەموو کاتەکانی بەدەم سەمای کیک و چەند گۆرانییەکی زمانی بیانییەوە بەسەر دەبات، مەترسییەکەش لەوەدایە کە ئەمە بۆی دەبێتە نەریت و خووێکی ڕۆژانە.

دێمە سەر قۆناغی خوێندن، لێرە لە کوردستان، دەبینین لە سەروبەندی نزیکبوونەوەی قۆناغی چوونە قوتابخانەی منداڵ و خوێندنی، دایک و باوک دەگەڕێن بۆ ئەوەی قوتابخانەیەکی ماقووڵ بە زمانی بیانی بۆ منداڵە تەمەن ٦ ساڵانەکەیان بدۆزنەوە. بەداخەوە ئەم قوتابخانە بیانییانەش لە کوردستان زۆر دوورن لە کولتووری کوردی و هیچ بایەخێکی پێ نادەن. خواستی باوان لەسەر خوێندنی منداڵەکەیان وەک چاولێکەرییەک بە زمانی بێگانە، تا دێت زیاد دەکات. ئەم خواستە زۆرەش بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵە قوتابخانەیەکی زۆری ناحوکمی بکرێتەوە و دەرگای بازرگانییەکی گەورەی واڵا کردووە.

من وەک مامۆستایەکی کارکردوو لە بواری ئینگلیزیدا، پێم باشە منداڵی کورد سەرەتا بە زمان و کولتوور و کەلەپوور و مێژووی خۆی ئاشنا بکرێت، ئنجا بیر لەوە بکرێتەوە زمانی بیانی یاخود بە فەرهەنگی بیانی ئاشنا بکرێت. کارەساتە منداڵی کورد زمانی دایکی خۆی لا سووک و بێ بەها بکرێت، نەزانێ کولتوور و مێژووی کورد چییە.

دێمە سەر باسی منداڵانی تەمەن ١٢ تا ١٨ ساڵ، مەخابن ئەمانە زۆربەیان توێژێکی تەواو بێ ئاگان لە واقیعی ژیانی ئەمڕۆ و هەموو خەمێکیان بووە بە مۆبایلەکەی دەستیان و دوانەکەوتن لە کاتی دیاریکراوی یارییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و پلەی ستەیشن.

ئەم توێژەش بەداخەوە چاولەدەرن بۆ لاساییکردنەوەی هەر شتێکی بێگانە و ناخۆماڵی. مایەی خەمێکی زۆرە کە ئێمە هێشتا دەوڵەتمان نییە و زۆربەی گەنجانمان لە ئاخاوتن و نووسین بە زمان و ڕێنووسێکی پاکی کوردی نەزانن، تەنانەت بێ ئاگان لە مێژوو و کولتووری خۆیشیان. ئاخر کە خوێندن بە زمانێکی تربێت، گۆرانی بە زمان و ڕیتمی بێگانە بێت، سیستەمی پەروەردە سەقەت بێت، ئەنجامەکان هەر ئاوها دڵتەزێن دەبن.

لە کاتێکدا هەڕەشەی لەناوچوونی زمانی کوردی هەبێت، نابێ و ناکرێت وەزارەتی پەروەردە خوێندنگا تایبەتەکان سەرپشک بکات لەوەی کام زمانیان پێ باشە با بەو زمانە بازرگانی بکەن لە بواری پەروەردەدا. ئەمە ئافات و مەترسییەکی گەورەیە لەسەر زمانی دایک و ناسنامەی کولتووری و مەعریفیی قوتابی.

قوتابیی زانکۆ لە قۆناغێکی کاریگەردایە، سبەی دەبێتە یەکێک لە کادیرانی بەڕیوەبەری وڵات، پێویستە شارەزایی تەواوی هەبێت لە زمان و کولتوور و مێژووی گەل و وڵاتەکەی، پێویستە زمانی دایک لە ئاخاوتنەکانیدا شێرەپشکی بەرکەوێت نەک شانازی بەوەوە بکات کە زمانێکی بێگانە باشتر دەزانێ! بەداخەوە بەشێکی زۆری قوتابییانی ئێستای زانکۆکانی کوردستان لە گرووپی دووەمن ئەمەش بە کاریگەریی چوونە جیهانگیرییەوە بە ناهۆشیاری.

ئێمە ئێستا کە لە شارەکانماندا تەکنۆلۆژیای تازە و ئۆتۆمبێلی نوێ و باڵەخانە بەرز و جوانەکان دەبینین، سەرسام و دڵخۆشین و شاگەشکە دەبین پێیان، بێ ئاگاین لەوەی نەوەیەک لە گەنجانی بێ ئاگا و نەشارەزامان لە زمان و مێژوو و کولتووری کوردی پێگەیاندووە.

با ساتێک ڕامێنین و بزانین ئاخۆ لە کوێدا هەڵەمان کردووە. پەلەقاژەی دایک و باوکان بۆ تۆمارکرنی ناوی منداڵەکانیان لەو قوتابخانانەی لەسەر سیستەمێک بنیات نراون کە زمانی کوردی وەک وانەیەکی فەرامۆشکراوی لاوەکی تێیاندا دەخوێنرێن، بێبەشکردنی منداڵەکانیانە لە زمان و کولتووری کوردی.

لە زۆربەی قوتابخانە ناحکومییەکاندا، هەندێ جار ڕێگە نادرێ قوتابی بە زمانی دایکی خۆی لە پۆلدا بئاخفێ، یان لە هەندێ لەو قوتابخانانە ئاخاوتن بە زمانی کوردی دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی و پێکەنین. بەداخەوە ئەم بازرگانییە نادروستە لە پەروەردەدا لە کوردستان بووەتە شتێکی باو و ئاسایی و کەسیش دەنگی ناڕەزایی لێوە نایەت.

ئەمەی من دەیڵێم، خەمێکە لە داهاتوودا باجەکەی دەدەین و ڕێکلامێک نییە بۆ قوتابخانە حکومییەکان، چونکە ئەوانیش پێویستیان بە چاکسازی هەیە تا لە ئاستی خواستەکانی ئەمڕۆی کوردستان و خەڵکەکەیدا بن.

پەروەردە لە بارودۆخێکی زۆر ناهەمواردایە.

پرسیارەکە دووپات دەکەمەوە: ئەرێ ئێمە بەرەو جیهانگیری دەڕۆین، یان دەمانەوێ فەرهەنگ و زمانی کوردی لەناو بەرین؟

ئەم برینە نابێ لەوە زیاتر تەشەنە بکات، چونکە زمانی دایک دەبێ پەرەی پێ بدرێت نەک پشتگوێ بخرێت. ناکرێ و نابێ لەژێر هیچ پەردە و پاساوێکدا لە سیستەمی پەروەردەدا زمانی دایک وەلا بنرێت لەپێناو پەرەسەندنی زمانێکی دیکە. چونکە ئەگەر وەک ئێستا بڕوات، پاش پێگەیشتنی دوو نەوەی تر، دەبێ زمانی کوردی بنێژین و فاتیحایەکی بۆ دابەین.

# ئاراستەی یاسا و دیدگەی کۆمەڵگەکان



پارێزەر جوامێر سەرباز

لێرەدا هەڵوەستە لەسەر یاسا و دیدگەی تاک بەرامبەر یاسا دەکەین لە کۆمەڵگەکاندا. گەر بێتوو گۆی زەوی بکەین بە دوو بەشەوە؛ دەبینین بەشێکیان باش پێڕەوی یاسا ناکەن و بەشێکیان باشتر پێڕەوی یاسا دەکەن. دەتوانین بڵێین زۆر لە وڵات و کۆمەڵگەکان لە بەشی یەکەمن، بەڵام بۆچی وەهایە لە کاتێکدا یاسا هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە شرۆڤەی زیاتری دەوێ. ئەگەر بێتوو ئەو دوو بەشە لە وڵاتانی سەر گۆی زەوی لێک جودا بکەینەوە دەبینین لە هەر یەکێک لەو بەشانە هەر کۆمەڵگەیەک یاخود چەند کۆمەڵگەیەک جۆرێک لە یاسا پەیڕەو دەکات، ڕاستە ئامانجی یاسا ڕێکخستنی ژیان و ئەرک و مافی هاووڵاتیان و دەسەڵاتی حوکمڕانییە، بەڵام دەبینین سەرەڕای بوونی یاساش، پێشێلکردنی مافی تاک لە هەندێ وڵاتدا بەفراوانی دەبینرێت. ئەوەش بەهۆی ڕەچاوکردنی دۆخ و خواستی کۆمەلگەکەیان و کاریگەریی هەندێ دابونەریتی زاڵ و هەروەها بوونی سیستەمی سیاسیی خراپ. باسی من لێرەدا سیستمی سیاسی نییە، بەڵکوو باسی هۆکاری یەکەم دەکەم (ڕەچاوکردنی خواست و دۆخی کۆمەڵگە و دابونەریت) ئاخر یاساکان گرنگییەکی ئەوتۆیان نابێت کاتێ ڕووبەڕووی کێشەی زاڵبوونی خواستی هاووڵاتی و دابونەریتی نەگونجاو دەبنەوە، دەبینین هەندێ کۆمەڵگە ئەوەندە بەخەستی پەیوەستن بە هەندێ ڕەفتار و دابونەریتیانەوە ئیدی دەرەنجام یاسا تیایدا لاواز دەبێت یاخود دەبێ جۆرێک لە نەرمی بنوێنێت، یان هیچ نەبێ دەبێتە ژێردەستەی دابونەریت.

دەتوانین لەمبارەیەوە نموونەیەکی زیندوو بهێنینەوە، گەر بمانەوێت کۆمەڵگە ئاگەدار بکەینەوە لەوەی پێشێلی هەندێ یاسا نەکەن چونکە سزای بۆ دانراوە، دەبینین کە بەرپەرچدانەوەی خراپی لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگەی ئالوودەبوو بە هەندی ڕەفتنار و نەریتپارێزەکان لێ دەکەوێتەوە. ئەمەش شتێکی سەیر نییە، چونکە ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگە کە لەو یاسایانە ناڕازین، کارە سزا لەسەر دانراوەکانیان لا گرنگترە وەک لە پێڕەوکردنی یاساکە، بۆیە ئەو وڵاتانەی بەشی یەکەم کە گوتمان لایەنە نایاساییەکانیان تێدا زاڵە، دێنە یاساکانیان نەرمتر دەکەن و دەیگونجێنن لەگەڵ خواستی تاکەکانی کۆمەڵگەدا، بۆ نموونە لە هەموو وڵاتانی ئەورووپی بەکارهێنان و بارزرگانی کردن بە مادەی هۆشبەر بەپێی یاسا قەدەغە کرا، کەچی هەر لە ناوجەرگەی ئەورووپادا هەندێ وڵات جۆرێکی لە ڕێپێدانیان بەپێی یاسای بۆ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان هێنایە ئارا و ئێستا لە شێوەی بنیشت و چوکلێت و هەندێ خۆراکی تر مادەی هۆشبەر بەئاشکرا دێتە فرۆشتن و بازرگانییشی پێوە دەکرێت، بەڵام بردنی بۆ وڵاتانی تری ئەورووپی کە مادەی هۆشبەر تێیدا قەدەغەیە قبووڵکراو نییە و هەرکەس پێی بگیرێت سزا دەدرێت. بزانن دەبینین شتێکی نایاسایی کرایە یاسایی بۆ ڕازیکردنی گرووپێک لە خەڵکی کۆمەڵگە.

نموونەیەکی تر، بوونی بەرتیلخۆری (ڕەشوە) لە ئایینی ئیسلامدا حەرام و قەدەغەکراوە و لە وڵاتان سزای یاسایی توندی لەسەرە، کەچی دەبینین لە هەندێک وڵات، حکوومەتی خۆی لە چوارچێوەی یاسادا جۆرێک لە بەرتیل دەدات بە پیاوە ئایینییە گەورەکان و بۆی حەڵاڵ کردوون، بۆ ئەوەی هەم حکوومەت کاری خۆیان پێ ڕایی بکات و هەم خەڵکیش کاریان پێ ڕایی بکەن.

# تازەگەری لەبەردەم خوێندکارانی یاسادا



شێنێ ئەحمەد محەمەد
قۆناغی سێیەم- بەشی یاسا

ئایا قوتابیانی کۆلێژی یاسا کە لە سیستەمی تازەدا پێنج ساڵ یاساکان دەخوێنن، چی وێنا دەکەن؟

قوتابیانی کۆلێژ و بەشی یاسا لە پێنج ساڵی خوێندنیاندا زۆر بەچڕی چەندین جۆری یاسا و شرۆڤەی یاساکان دەخوێنن، ئەگەر تەماشای ژیانی پراکتیکیی دوای تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی زانکۆیان بکەین، دەبینین قوتابیانی دەرچوو لە خوێندنی یاسا، بە جۆش و خرۆشێکی تایبەتەوە ڕوو لە بواری خۆیان دەکەن، نەخاسمە لەو بوارانەی کە پەیوەندە بە پیشەی خۆیانەوە، کە دیارترینیان یارێزەرییە، یاخود بەشەکانی یاسا لە فەرمانگە حکوومییەکان و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا.

من لێرەدا باسی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکەم، دەمێ ئەو قوتابییە دەکەوێتە واری پراکتیکیی پیشەکەیەوە، ڕاستە ڕۆژانەی ئیش خۆی دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی هەندێ دیاردەی نایاساییش دەبێتەوە کە دیارترینیان بەرتیل و واستەیە کە لە هەندێ شوێن بە واستە دەگوترێ: ڤیتامین (واو)! بێگومان تا کارایی ئەم ڤیتامینە! لەئارادا بێت و دیاردەی کاری نایاسایی بەرقەرار بێت، وەک ئەوە وایە دەقە یاساییەکان سەهۆڵبەند و بلۆک بکرێن و ببنە تەنیا چەند پەرەگرافێکی نووسراو و هیچی تر نا!

ڕاستە یاسا سزای توندی بۆ هەریەک لەم کارە ناپەسند و پێشێلکارییانە دەستنیشان کردووە. بەڵام دەبێ قوتابیی خوێندنی یاسا لەمیانی خوێندنی زانکۆییدا زیاتر و زیاتر لەسەر مامەڵەکردن و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم کارە نایاساییانەدا ڕابهێنرێت و ئەزموون فێر بکرێت، بەڵام ئەمە چۆن دەکرێت؟

وەڵامەکەی ئاسانە، پێویستە لانی کەم دوو ساڵی کۆتایی خوێندنی کۆلێژی یاسا، لەنێو سیستەمی خوێندندا زیاتر بایەخ بە وانەی پراکتیکی بدرێت، دەبێ هۆڵی دادگاکان جێگەی هۆڵی خوێندن بگرێتەوە، تا لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی بەڕێوەچوونی دادگاکان بێت و وێڕای مامۆستا بەڕێزەکانی خۆی، بە کەسانی زانا و شارەزا و بەئەزموونی بواری پراکتیکیی یاساش ئاشنا بێت و شتی نوێیان لێوە فێر بێت.

ئیدی لەو کاتەدا دەتوانین بڵێین خوێندنی یاسا تەنیا خۆی لە خوێندنی دەقە یاساییەکاندا نابینێتەوە، بەڵکوو خوێندنی یاسا بە پراکتیکییش سیستەمەکەمان بەهێزتر دەکات، لەو دەمەدا گوزەرکردن بەنێو دەقە یاساییەکان و خوێندنی یاسا ئاسۆیەکی ڕوونتر دەدات بە خوێندکارانی کۆلێژی یاسا و زووتر و باشتر کادیری یاسایی پێدەگات.

هەر بۆ نموونە سەرنج بدەن لە قوتابیانی کۆلێژی پزیشکی، لەبەرئەوەی هەر لە قۆناغەکانی سەرەتای خوێندنیانەوە وانەی پراکتیکی لەنێو نەخۆشخانە و تاقیگەکاندا دەخوێنن، دەبینین کاتێ لە کۆلێژ دەردەچن، پزیشکێکی ئامادەن بۆ خزمەتکردن.

# ڕۆڵی ژن لە پێگەیاندنی تاك



هێدی هێمن بایز گەردی
قۆناغی سێییەم- بەشی یاسا

پەروەردەکردن و پێگەیاندن، پرۆسە و قۆناغێکی گرنگ و سەختە لە ژیانی مرۆڤێکدا، چون پرۆسەیەکی مەعریفییە بۆ پێگەیاندنی مرۆڤ لە ڕووی هزری و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە. ئەم پرۆسەیە تاک لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەمەیە: کێ بەرپرسیارێتیی ئەم پێگەیاندنەی تاک دەگرێتە ئەستۆ؟ ئایا تاک بە تەنیا خۆی بەرپرسە لەو هەڵسوکەوتانەی کە ئەنجامی دەدات؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سادە بەڵام قووڵە، دەبێ چاوێک بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و مەعریفیی تاک و کۆمەڵگە و کاراکتەرەکانی پێگەیەنەرانی تاکدا بخشێنین. هەموو تاکێک لە ژیانیدا بە چەندین قۆناغی جیا جیادا تێپەڕ دەبێت، ئیدی هەر لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە تا ئەو ڕۆژەی مێشک و توانای بیرکردنەوە و تێڕامانی دەکرێتەوە و باشتر لە دەوروبەر تێ دەگات، لەم قۆناغانەی تاکدا کەسانێک هەن کە زۆرترین کاریگەرییان هەیە لە پێگەیاندن و پەروەوەردەکردنیدا، ئەو کەسانەش پێیان دەڵێن خێزان یان ئەندامانی خێزان. گومانی تێدا نییە لەم نێوەندەدا ژن کارەکتەرێکی گرنگە لە دروستکردنی خێزان و پێگەیاندنی تاک، چوون ژن توانای دروستکردنی کاریگەریی گەورە و گرنگی هەیە لەسەر تاک و کۆمەڵگا، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ژنان دووبارە شێرەپشکیان لە بەرپرسیارێتیی هەڵسوکەوتی تاک بەردەکەوێ، لەبەر ئەوەی ژن وەک دایک ڕۆڵی کارای هەیە لە پەروەردەکردنی منداڵ و پێگەیاندنیدا، جگە لەمە ژنان وەک تاکی گرنگی هەموو کۆمەڵگایەک ڕۆڵ و بەشداریی بەرچاو و کارایان هەیە لە بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا، هەر وەک ئەو وتە بەناوبانگەی کە دەڵێ: "لەپشت هەر پیاوێکی مەزنەوە، ژنێکی مەزن هەیە". ئەمە خۆی بەڵگەیەکە بۆ کارایی و گرنگیی ڕۆڵی ژن لە پێگەیاندنی تاکدا. خۆشبەختانە لە مێژووی کۆمەڵگای کوردەوارییی خۆشماندا، هەست بەم ڕۆڵە مەزنەی ژنان دەکەین، ژنانی کورد شانبەشانی پیاوان جەنگاون و ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لە کاروباری ڕۆژانە و بگرە کاری سیاسییشدا، کوردستان شێرەژنی گەورە و دیاری تێدا هەڵکەوتووە، لە مێژووی تازەشدا ژنان ڕۆڵ و بەشداریی بەرچاویان هەیە لە پێگەیاندن و بەرەو پێشچوونی تاکی کوردا.



سەپەرشتیار: راگرایەتیی کۆلێژی یاسا


Şayan

سەرنووسەر:
هێرۆ ئیسماعیل عارف

هاوکاران:
عەبدوڵڵا شاخەوان

شایان

# پارێزەرێك بۆ سمێڵ چوو ریشیشی نایە بانی



لە یەکێک لە دادگاکانی میسر، پارێزەرێک هەوڵی دا، بریکاردەرەکەی لە تاوانێکی بازرگانی بە مادەی هۆشبەرەوە رزگار بکات، بەڵام لە تاوانێکی تریەوە گلاند.

تاوانبار تەمەنی ٤١ ساڵ بووە، لە کاتێکدا لەنێو ماڵەکەی خۆیدا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا کە بڕێکی بەرچاو مادەی هۆشبەری پێ بووە و بازرگانیی پێوە کردووە.

پاش ئەوەی پۆلیس رەوانەی دادگای دەکات، تاوانبارەکە بێتاوانی خۆی لەو تاوانەی ئاراستەی کراوە، رادەگەیەنێ. پارێزەری تاوانبارەکە، بۆ ئەوەی بریکاردەرەکەی لەو تۆمەتە رزگار بکات، دەیەوێ پێچە بەدەورەیەک لە پرسی پشکنینی ماڵی تاوانبارەکە و پێگرتنی مادە هۆشبەرەکان بکات. بۆیە داوا لە سەرۆکی دادگا دەکات، تۆماری ڤیدیۆیی ناوماڵی تۆمەتبارەکە بگیرێت، واتە سەرلەنوێ دادگا پۆلیس و تۆمەتبار بەرێت بۆ نێو ماڵەکەی و لەوێ جارێکی تر شێوازی پشکنینی ماڵەکە و چۆنێتیی پێگرتنی مادە هۆشبەرەکان بە کامێرای ڤیدیۆ تۆمار بکرێت، ئەمەش بەو ئامانجەی پیشانی بدات کە پرۆسەی پشکنینی ماڵی تۆمەتبارەکە (بریکاردەرەکەی) جێی گومانە.

سەرۆکی دادگاش بۆ ئەوەی لە لەجێیی یان نابەجێیی ئەو گومانەی پارێزەر دڵنیا بێتەوە، بڕیاری دا داواکارییەکەی پارێزەر، جێبەجێ بکرێت.

بەڵام سەیرەکە لەوەدا بوو، کاتێ پۆلیس و تاوانبار چوونەوە ماڵەکە و بە کامێرای ڤیدیۆ وێنەی پشکنینی ماڵەکەیان تۆمار کردەوە، لە گۆشەیەکی ماڵی تاوانبارەکەدا، بڕی پێنج کیلۆ لە رووەکی (بانگۆ)ی هۆشبەری دیکەیان ئاشکرا کرد.

کاتێ ئەمە لەبەرچاوی پارێزەر و تۆمەتبارەکە و پیاوانی پۆلیسدا دا رووی دا، تۆمەتبار هیچی بۆ نەمایەوە جگە لەوەی بەوردی دان بە هەموو تاوانەکانیدا بنێت و گوتیشی: "هەموو مادە هۆشبەرەکانی پێشتر و پشکنینی تازەش هی منن و من بازرگانی مادەی هۆشبەرم".

# لەبارەی یاساوە ناودارنان چی دەڵێن؟

- خوێندنی یاسا، باشترین رێگەیە بۆ راهێنان و فراوانکردنی خەیاڵی هەر مرۆڤێك، ئاخر ئەوەندەی پارێزەرێك دەتوانێ بە ئازادی راستی شرۆڤە بکات، هونەرمەندێك ناتوانێ بەو ئازادییە سروشت شرۆڤە بکات.
جان جیرۆدۆ

فەلسەفە فێری کردم بێ هیچ فەرمانێك کار بکەم و لەو کەسانە نەبم کە لە ترسی یاسا کارێك دەکەن.
ئەریستۆ

ئەگەر رۆژێ لە رۆژان یاسا زمانی بگرتایە، پێش هەموو شتێك سکاڵایەکی لە دژی پارێزەران پێشکەش دەکرد.
بۆدلێر

ئەوەی لێی دەترسین یاسا نییە، بەڵکوو دادوەرانن.
پەندێکی رووسی

بەزەیی کرۆکی یاسایە، دەبێ تەنیا لە دژی ستەمکاران یاسا بەتوندی بەکار بهێنرێت.
شەکسپیر

ئامانجی یاسا رێگری لە ئازادی و کۆتوبەندکردنی نییە، بەڵکوو پاراستن و فراونکردنی ئازادییە.
جۆن لۆك

رەنگە ئەوە راست بێت کە یاسا ناتوانێ کارێك بکات کەسێك منی خۆش بوێت، بەڵام خۆ دەتوانێ رێگری لەوە بکات کە ئەو کەسە بەبێ هیچ تاوانێك و لەخۆڕا بمکوژێت.
مارتن لۆسەر کینگ

حکوومەت دەتوانێ بەبێ یاسا لەئارادا بێت، بەڵام هیچ یاسایەك بەبێ حکوومەت ناتوانێ هەبێت.
برتراند راسل

# وتەی جوان بۆ ژیان

ژیان کتێبێکە چاپی دووومەی دەرناچێت، بۆیە بەوردی و ژیرانە ئەو کتێبەت چاپ بکە.



# بۆچی فینلەندا خاوەنی باشترین سیستەمی پەروەردەیە؟



فینلەندا خاوەنی بەهێزترین و باشترین سیستەمی پەروەردە و فێرکردنە لەسەر ئاستی جیهان، یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی سیستەمەکەشی ئەوەی کە بە یەکجاری ئەرکی (واجبات بیتی)ی قوتابییانی لەناو ماڵدا قەدەغە کردووە چونکە بە هۆکاری سەرەکیی دواکەوتنی قوتابی و رقی قوتابی لە قوتابخانەی دادەنێت. کریستا کیۆرا، وەزیری پێشووی فێرکردنی فینلەندا لە لێدوانێکیدا باسی لە نهێنیی سەرکەوتنی وڵاتەکەی لە بواری خوێندندا کردووە و دەڵێت: "نهێنیی سەرکەوتنەکەمان قەدەغەکردن و رەتکردنەوەی ئەرکی ماڵ بوو بۆ قوتابییان، بۆ ئەوەی قوتابی لەدوای گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە، کاتی خۆش بەسەر بەرن و ژیانیان لەلا خۆش بێت و قوتابخانەشیان خۆش بوێت".

# چۆن خۆمان بۆ تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ ئامادە بکەین؟

١. لایەنی باش و خراپی سەعیکردنی باش بەراورد بکە و بزانە ئەنجامی کامیان باشترە.
٢- رەشبین مەبە و بڕوات وا بێت کە هەر سەردەکەویت.
٣- باری دەروونیت رێک بخە و ئامادە بە بۆ تاقیکردنەوە، ترس و دڵەڕاوکێ لە خۆت دوور بخەرەوە.
٤- بیرۆکەکانت وەک موگناتیس وان، ئەگەر بیر لە خۆشیەکان بکەیتەوە خۆشیت بۆ دێت، ئەگەر بیریش لە ناخۆشیەکان بکەیتەوە، ناخۆشیەکان زووتر دێن.
٥- سەعاتێک لە پلاندانان بۆ سەعی، سێ سەعاتی سەعیکردنت بۆ دەگەڕێنێتەوە.
٦- ئەگەر خۆت ئایندەیەک بۆ خۆت دروست نەکەیت ئەوا دەوروبەرت بۆت دروست دەکەن، ئەودەمیش پەشیمان دەبیتەوە.
٧- بەپێی ویست و توانا و کاتەکانی خۆت خشتەیەک دابنێ بۆ خوێندن و سەعیکردن، ئەم کارە مەسپێرە بە کەسێکی تر.
٨- ئەو کەسانەی کە هانت دەدەن و بەرەو سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجەکانت، زۆر بەجوانی گوێیان لێ بگرە، بەڵام ئەوانەی ساردت دەکەنەوە گوێیان پێ مەدە.
٩- دڵنیا ببەوە لەوەی کە خشتەی تاقیکردنەوەکانت لەلای خۆت بە دروستی تۆمار کردووە رۆژانە چ کاتێک و کاتژمێر چەند تاقیکردنەوەکانت بەڕێوە دەچن.
١٠- کاتەکانت بەفیڕۆ مەدە و سوودیان لێ وەربگرە، ئەو کارەی کە پێویستە ئەمڕۆ ئەنجامی بدەیت دوای مەخە.
١١- هەرگیز ئاوڕ لە ڕابردووت مەدەوە مەگەر بەو ئەندازە نەبێت کە وەک ئەزموونێک سوودی لێ وەرگریت بۆ داهاتوو، چاوەڕێی داهاتووشت مەکە، چونکە خۆی بەم زووانە دەگات.
١٢- بەدیهێنانی ئامانجەکانت پێویستی بە ڕەنج و ماندووبوون و هەوڵدان هەیە، هیچ شتێک بەخۆڕایی و بە ئاسانی بەدەست نایەت.
١٣- ئەگەر خەونێکت هەیە و دەتەوێ بیهێنیە دی لە ژیان، ئەوا ئێستا یەک هەنگاوت پێویستە بکەیت، ئەویش ئەوەیە لە خەو هەستیت و کاری بۆ بکەیت.
١٤- لە هەرکاتێکدا تەنیا یەک کار ئەنجام بدە، تەنیا لەسەر وانەیەک، کتێبێک، بەشێک سەعی بکە، تاکوو سەرنجت پەرتەوازە نەبێت و توانات لاواز نەبێت.
١٥- جێگەیەک بۆ خۆت پێکبهێنە کە لەو شوێنەی سەعی تیادا دەکەیت جێگیر بیت و خۆت ڕابهێنیت تیایدا، دوور کەوەرەوە لە ژینگە (ناتەندروست و تاریک و گەرم و سارد و پیس و ماندووکەر و پڕ لە ژاوەژاوەکان).
١٦- پێش دانیشتنت بۆ فێربوونی وانەیەک یاخود خوێندنەوەی کتێبێک، بیر بکەوە و بزانە ئەو شتانەی کە بۆ کۆششەکە پێویستت پێی دەبن چی و چین، بۆ ئەوەی لە بەردەستتدا دایبنێیت و بۆ گەڕان بەدوای پێنووسێک یان کاغەزێک یان هەر پێداویستیەکی تردا هەڵنەستیت و سەرنجت پەرتەوازە نەبێت.
١٧- ئەو کاتەی دادەنیشیت بۆ فێربوونی وانەیەک یان خوێندنەوەی کتێبێک، پەلە مەکە، هێمن و بەرگەگر بە، ئەو کارەی بەخێرایی ئەنجام دەدرێت، لەوانەیە بە چاکی ئەنجام نەدرێت.
١٨- لە کاتی خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەدا، شیکاری پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی پێشووتر بکە، لە زۆر رووەوە سوودت پێ دەگەیەنێت. گرنگی بە بیروبۆچوونی مامۆستاکەشت بدە دەربارەی تاقیکردنەوەکان.
١٩- لە کاتی خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەدا، دیاریکردنی ئەو بابەتانەی کە ئەگەری هاتنەوەیان هەیە و ئەو شوێنانەی پێشتر پرسیاریان لەبارەیەوە هاتووەتەوە و ئەو بەشانەی لە کاتی وانە خوێندندا لەسەری وەستاون، سوودێکی یەکجار زۆری هەیە.
٢٠- پاش هەموو (٤٠) خولەکێک لە سەعیکردن (٥) خولەک پشوو بدە و چەند قومە ئاوێکیش بخۆرەوە.
٢١- گوێ لە پێشنیارەکانی ئەو کەسانە بگرە کە پێشتر لەو تاقیکردنەوەیەی بەشداری تێدا دەکەیت سەرکەوتوو بوون و بەو قۆناغەدا تێپەڕیون.
٢٢- بۆ گەشەپێدانی مێشک و بیرتیژیت ئەم خواردن و میوانەی خوارەوە زۆر بەسوودن:
(ا) خواردنی گوێز لە بەیانیاندا لە خورێنی، کونجی و هەنگوین و باوی (بادەم) بەبێ چا.
(ب) خواردنی نانی بەیانیان و گرنگی پێدانی بەتایبەتی ( ماست و شیری بزن و لۆبیا) خۆشت بەدوور بگرە لە خواردنی گۆشت و شەکر لە ماوەی ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوەدا. ئەوەندە نان بخۆ کە پێی بژیت نەک پێی تێک بچیت چونکە هەرکات گەدەت زۆر پڕ کرد بیرکردنەوەت باش نابێت.
(ج) خواردنی قەیسیی شیرن و گەییو.
(د) خواردنی ئەم میوانە (گێلاس یان ترێ یان شەربەتی مێوژ یان سێو یان کودی و کودیی زەرد لەناو چێشت)دا.